# خؤزطة هةر فرمسكت لة جةذنا برذاية نةك خوصني طةشت ... دةرسيم ديبةطةيي

دوای ئەوەی ڕۆژی 7ی نیسانی 1986 لە دەورو بەری کاتژمێری 9ی بەیانی ئێمەیان (من، مامۆستا جەمال مەولود ئەحمەد، مامۆستا بایز مەولود تەها، قادر عەزیز تەها، عوسمان حوسێن سالح، حەمە ڕەشید، عەبدولواحید گوانی، حەسکۆ و سەبری) یان بردە دەرەوەو نزیکەی کاتژمێرێک بەچاوو دەست بەسراوییەوە لەبەر خۆر دایاننایین. دواترو یەک بەدوای یەکەوە بە تێهەڵدان و سوکایەتی پێکردن، ئێمەیان گەڕاندەوە بۆ شوێنی خۆمان عەمواداوە. (1)

دوای دوو ڕۆژ واتە لە 9ی نیسان، ئەو ڕۆژەی 17 ساڵ دواتر سەدام و ڕژێمەکەی تیا فڕێدرانە ناو زبڵدانی مێژوو، ئێمەیان لە عەمواداوە گواستەوە بۆ تاکژوورەکان.

دەوروبەری کاتژمێری 11ی پێش نیوەڕۆ بوو، کاکل ئەحمە مەعروف (کاکلەڕەش) فڕێدرایە ژووری 1، من و کاک جەمالیان فڕێدایە ژووری ژمارە 2، عەبدولواحید گوانی، حەسکۆ و سەبری فڕێدرانە ژووری ژمارە 3، قادر عەزیز لە مومەڕەکە دایان ناو کردیان بە چاودێر و مامۆستا بایز مەولود دواتر زانیمان کە بردبوویان بۆ لای برادەرانی ڕێکخراو (2) کە لە ژوورێکی تر بوون. کاک عوسمان حوسێن و حەمە ڕەشیدیشیان بەرەو سلێمانی برد، چونکە خەلکی ئەوێ بوون.

کە ئێمەیان برد بۆ تاکژووەکان کەسێک لە مومەڕەکە هەبوو، جەلادێک پێی گووت ڕووت بکە دیوارەکەو ئاوڕ نەدەیتەوە، لەکاتی تێپەڕبوونمان کەسێکمان بینی ڕووی لە دیوارەکە بوو. دوای ئەوەی کراینە ژوورەکان و دەرگاکانیان لەسەرمان داخست، بە قادریان گووت نابێ دەرگاکان لە ئێمە بکاتەوەو کەسانی ناو ژوورەکان لەگەڵ یەکتر یان لەگەڵ ئەوانەی نێو مومەڕەکە قسە بکەن. کاتێ ئەمنەکان ڕۆیشتن گوێمان لێبوو، ئەو برادەرەی پێشتر لە مومەڕەکە بوو لەگەڵ کاک قادر کەوتە قسەکردن و داوای لێکرد کە دەرگاکانمان لێبکاتەوە، وادیاربوو قادر سەرەتا تۆزێ ترسی هەبوو، چونکە شارەزای ئەوێ نەبوو، بەڵام کاتێ ئەو برادەرە پێیگووتبوو، کە پێشتر برادەرانی ڕێکخراو لێرە بووینەو هەردەم دەرگاکانیان کردۆتەوە، قادر دەستبەجێ دەرگاکانی لە ئێمە کردەوە.

ئەو برادەرەی کە پێشتر لە مومەڕەکە بوو، یەکسەر هاتە ژوورەکەی ئێمەو دەستی بۆ مامۆستا جەمال درێژ کردو گووتی" تۆ مامۆستا جەمالی" دەستی بۆ منیش درێژ کردو گووتی" تۆش مامۆستا دەرسیمی، وانیە؟ ئێمەش بەسەرسوڕمانەوە گووتمان" بەڵێ، بەڵام ئێمە تۆ ناناسین؟". گووتی" دەزانم نامناسن، بەڵام برادەرانی ڕێکخراو لێرە بوون، بەرلەوەی ئێوە بهێنن بۆ ئێرە، ئەوانیان گواستەوە، ئەوان زۆر باسی ئێوەیان بۆ کردووم و زۆر لە خەمی ئێوە دابوون و ئاواتی ئەوەیان دەخواست کە ئێوەش بهێنن بۆ لای ئەوان. مامۆستا دەرسیم، هاوڕێ محەمەد قادر زۆر باسی تۆی دەکردو لە خەمی تۆدابوو، منیش ناوم (خەسرەو عوسمان) ە و لەسەر شۆڕشگێڕان گیراوم". (3)

هەر دوای ئەوە و لە یەکەم ڕۆژی یەکتر ناسینمان بووین بە هاوڕێی گیانی بەگیانی و کاتژمێرێکی بەسەردا تێنەپەڕی دەستمانکرد بە گاڵتەکردن لەگەڵ کاک خەسرەودا. دوای ئەوەی کاک خەسرەو باسی برادەرانی ڕێکخراوو خۆی بۆ کردین و ئێمەش باسی خۆمان بۆکرد. کاک خۆسرەو گووتی" بەڕاستی برادەرانی ڕێکخراو زۆر لەگەڵم باشبوون و یارمەتی زۆریاندام". منیش لێم پرسی چۆن یارمەتیان دەدای؟ ئەویش گووتی" بۆ نموونە کاتێ خواردن دەهات، زۆربەی گۆشتەکەیان بۆ من دەکردە لەفەو، ئەوان نەیان دەخواردوو بەشی خۆیان دەدایە من، دەیانگووت تۆ دەستت ئیش ناکات لە ئەنجامی هەلواسین، بۆ ئەوەی دەستت زوو چاک بێتەوە" منیش پێمگووت" لەوەیان بە هەڵە

داچوویت، من پشک بە پشک لەگەڵتا بەشیدەکەم، هەتا ناهێلم کاک جەمال بەشی خۆیشی بدات بەتۆ، ئێمە کۆمەڵە و تۆ شۆڕشگێڕانی". هەر لە دوای تەواوبوونی قسەکانم، کاک جەمال، من و کاک خەسرەو یەک لەدوای یەک دامانە قاقای پێکەنین. ئەو وەلامەی من بۆ کاک خەسرەو بووە سەرەتایەک بۆ کردنەوەی دەروازەی گاڵتەو گەپ لە نێوانماندا. دوای ئەوەی زۆر پێکەنین گووتم" کاک خەسرەو، مەترسە لەوە، من و کاک جەمالیش وەکو برادەرانی ڕێکخراو بۆت باش دەبین و گۆشتی بەشی خۆمانت بۆ دەکەین بە لەفەو، با سندان لە ئێمە بدات" دیسان دەستمان کردەوە بە پێکەنین و زۆر پێکەنین.

دواتر من و ماموستا جەمال دەستمانکرد بە ئەسپێ کوشتن و لە ماوەی 2 تا 3 کاتژمێر بە هەردووکمان زیاتر لە 800 هەشت سەد ئەسپێمان کوشت. تا 800 مان ژمارد، بێزار بووین و وازمان لە ژماردن هێنا. کاتژمێر 3ی دوای نیوەڕۆ تێپەڕی ئینجا نانی نیوەڕۆیان بۆمان لە نێو دوو سەتڵ هێنا. سەتڵەکانیان لەبەردەم دەرگای دەرەوە دانا، کاک قادر و کاک خەسرەو بە پەلە دەرگاکانیان لەسەر ئێمە داخستەوە، بەر لەوەی ئەبو عەباس (4) دەرگاکە بکاتەوەو خواردنەکە بێنێتە ژوورەوە، بۆ ئەوەی جەلادەکان نەزانن دەرگاکان دەکرێنەوەو ئێمە قسە لەگەڵ یەکتر دەکەین.

ماوەی 3 هەتا 4 مانگێک لەگەڵ کاک خەسرەودا بەیەکەوە بووین لەو تاکژوورانە و دواتر ئەویان لە ئێمە جیاکردەوە، پاش 2 مانگێک من و ماموستا جەمالیشیان برد بۆ ئەو ژوورەی کە کاک خەسرەویان بۆ گواستبووەوە. دیسان هەرسێکمان یەکترمان گرتەوەو دڵمان خۆشبوو. ماوەی ئەو سێ چوار مانگەی کە لە تاکژوورەکان بەیەکەوە بووین، ڕۆژ لەدوای ڕۆژ پەیوەندی و برایەتی نێوان هەرسێکمان پتەوتر دەبوو. هەر دوای نزیکەی هەفتەیەک کاک خەسرەو هاتە ژوورەکەی ئێمەو هەتا ئەو گواسترایەوە، هەر ئەو سێ کەسە لەو ژوورە بووین.

هەر کاتێ هەرسێکمان بەیەکەوە دەبووین و کەسی ترمان لانەبوایە دەستمان دەکرد بە باسی زیندان و ئەشکەنجەدان، ڕەوشی ڕێکخستن و ناو شۆڕش، چالاکی هێزی پێشمەرگەی کوردستان و ڕەوتی شەڕی عێراق و ئێران، هەموو جارێکیش بە گاڵتەو گەپ کۆتاییمان بە باسەکانمان دێنا.

بەڕاستی کاک خەسرەو مرۆڤێکی بە هەڵوێست و خۆڕاگرو قارەمان بوو. زۆر ئازایانە ڕووبەڕووی جەلاددەکان دەبووەوە. من بۆ مێژوو دەیگێڕمەوە، چونکە ئەو کاتەی کە ئەویان ئازار دەدا، من و کاک جەمال لە عەموداوە بووین و کاک خەسرەویان بەبەر چاوی ئێمە ئەشکەنجە دەداو فەلاقەیان بۆ دەکردو هەڵیان دەواسی. هەموو جارێک کە دەیان هێنا ئێمە بە تراکسوتە سەوزەکەی بەریەوە دەماناسیەوە، کە هەمان کەسی جارانە. چەند جارێک لەکاتی لێکۆڵینەوە گوێمان لێدەبوو، کە مولازم عەتا لێی دەپرسی: "پێمان بڵێ کێت لەگەڵەو ئەو نامیلکەیەی فاشیزم (5) لە کوێت وەرگرتووە؟ کە لە ماڵی تۆ دۆزیمانەتەوە". کاکە خەسرەویش هەموو جارێک لەوەڵاما دەیگووت" کەسم لەگەڵ نیەو ئەو نامیلکەیەش لە بن دیواری قەڵاتێ لەکاتی گفتووگۆی یەکیەتی و حکومەتدا کڕیومە". وە هەر جارێکیش داوای ئەوەیان لێبکردایە لەگەڵیان بچێت و ئەو کەسەیان بۆ دەستنیشان بکات کە ئەو نامیلکەیەی لێکڕیوە! هەڤاڵ خەسرەو دەیگووت" من دڵنیام ئەو کەسە ناناسمەوە، بۆیە هاتنم بێسوودە لەگەڵتان. بەمشێوەیە باری خۆی قورستر دەکرد لەپێناوی ئەوەی هەڤاڵەکانی ڕێکخستن بپارێزێت.

ڕۆژی یەکەمی یەکتر ناسینمان بوو، ماموستا جەمال لێی پرسی" هەڤاڵ خەسرەو، ئیعترافت هەیە یان نا"؟ کاکە خەسرەو گووتی" تەقریبەن". ماموستا جەمال گووتی" تەقریبەن چییە؟ یان بڵێ ئا یان نا". هەر سێکمان پێکەنین و زۆرمان بۆ کاکە خەسرەو هێناو گووتی" لەسەر خۆم هەمە و کوڕێک تووشی کردوم، گووتومە من لەکاتی

گفتووگۆکەدا بوویمە یەکیەتی و دواتر وازم هێناوە، بەڵام ئیعترافم لەسەر هیچ کەسێک نییە". ئنجا ئەو کەوتە پرسیار کردن لە ئێمەو مامۆستا جەمال گووتی" من ئیعترافم نییە، بەڵام شاهیدم لەسەرەو ئەویش لێرە گیراوە". کاتێ ڕوویکردە من، منیش پێم گووت" منیش وەکو تۆ تەقریبەن" کاکە خەسرەو دایە قاقای پێکەنینە خۆشەکەی خۆیی و گووتی" بینیت تەقریبەنەکەی من نەیخوارد، ئەوەی تۆش نایخوات و بۆمی باس بکە". منیش دەستم پێکردوو گووتم" من کوڕێکی دیبەگەیی بەگرتی داوم، کاتێ چارم نەما ناوی ئەو کوڕەم هێناو پێم گووتن ئەو کەسە داوای لێکردووم ببم بە کۆمەلە، بەلام نەبویمە، وازیان لێهێنام و کوڕەکەشیان نەهێنا، ئیعترافیشم لەسەر کەس نیە".

جگە لە بیروباوەڕ، زۆر یادگاری تاڵ و شیرینی ئەو ماوەیەی کە بەیەکەوە بووین، زیاتر ئێمەی لە یەکتر نزیککردەوەو پەیوەندی و باوەڕ بەیەکتر بوونی نێوانمانی هەندەیتر بەهێزتر کرد. مامۆستا جەمال و کاکە خەسرەو ئەو کاتە خێزان و منالّیان هەبوو، زۆر جار باسی خێزان و منالّی خۆیان دەکرد، منیش بەناچاری باسی ئەو کچەم بۆ دەکردن کە بەر لە گیرانم خۆشمدەویست، بۆ ئەوەی تەنیا بە گوێگر نەمێنمەوە. هەر کاتێ کاکە خەسرەوم تورە بکردایە، دەستی دەکرد بە پێکەنین و دەیگووت" دەدانیشە بۆ خۆت، کچ هەیە تۆی خۆشبوێت؟ قوڕ بەسەر ئەو کچەی تۆی خۆشدەوێت". بەم شێوەیە تۆڵەی خۆی دەکردەوەو منی تورە دەکرد.

ڕۆژێکی ناوەڕاستی مانگی تەموز بوو، دوای نانخواردنی نیوەڕۆ بوو، بینیم کاکە خەسرەو دەم و چاوی خۆی دەمامک دابوو بەتانیەکەی بەخۆی دادابوو، منیش لەگەڵ کاک جەمال خەریکی قسەکردن بووم، دوای سەرنجدانەکەم یەکسەر هەڵسامەوەو بەتانیەکەی خۆشم بە کاک خەسرەو داداو بە کاک جەمالیشم گووت" توخوا کاک جەمال بەتانیەکەی خۆتیشم بدەرێ با بەو برادەرەی دابدەم، چونکە دڵنیام سەرمایەتی و لەرزی لێیە"، هەڵسام و بەتانیەکەی ئەویشم پێدادا. کاک خەسرەو لەژێر بەتانیەکان دەستی بە پێکەنینێک کرد بێئەوەی دەنگی دەرچێت، لەگەڵ پێکەنینەکەدا هەموو لەشی دەجووڵایەوە. منیش گووتم" کاک جەمال سەیرکە بزانە، چۆن لە سەرمان دەلەرزێت"! کاک جەمالیش بە پێکەنینەوە گووتی" کورە، دەرسیم، خۆ ئەوە بەڕاستێتی وا لە سەرمان ئەو فەقیرە دەلەرزێت". کاکە خەسرەو دایە قاقای پێکەنین و بەتانیەکانی لەسەر خۆی لاداو دوای پێکەنینێکی زۆر کە بە زەحمەت بۆی کۆنترۆڵ دەکرا گووتی" ماڵتان خراپ نەبێ، خۆ لێناگەڕێن پیاو بۆخۆی کەمێک بنوێت! کاکە گیان، ئەوە لای من بۆتە نەریتێک، گەر دەمامکی خۆم نەدەم و بەتانی بەسەرخۆ دانەدەم خەوم لێناکەوێت".

ئەو ماوەیەی کە لە تاکژوورەکان هەرسێکمان بەیەکەوە بووین، کاکە خەسرەو هەردەم نوێژی دەکرد، ڕۆژووی دەگرت و گرنگی زۆری بە ئایین دەدا. کاک جەمالیش ڕووی کردبووە خوا پەرستی، بەڵام نەک بە شێوەی کاکە خەسرەو. شەوێکیان بۆ بەیانیەکەی جەژنی ڕەمەزان بوو، کاتێ زانیمان بەیانیەکەی جەژنە کە لە میکرۆفۆنی شاری قەڵاو منارەدا، گوێمان لە مەڕاسیمی ئایینی بەر لە جەژن بوو. هەر لەگەڵ دەستپێکردنی " ئەلویداع ئەلویداع یا شەهر ڕەمەزان ئەلویداع"، کاکە خەسرەو چاوەکانی پڕبوون لە فرمێسک و دڵۆپ دڵۆپ بەسەر ڕوومەتە سوورو سپیەکانیدا هاتنە خوارەوەو ڕژانە سەر ڕیشە قەترانیەکەی. من و مامۆستا جەمالیش سەرمان سوڕماو مامۆستا جەمال بەدڵێکی تووندەوە گووتی" هەڤاڵ خەسرەو، بە ڕاستی هەم من و هەم مامۆستا دەرسیمیش لەو باوەڕەدا بووین، کە هەستی غەریبی کردنی ماڵ و منالّت لە وورەی پۆڵایین و خۆڕاگریت بەرامبەر بە جەلادەکان بەرزترە، هەی لەمنت نەکەوێ، چۆن ڕێگا بەخۆت دەدەی گریان زەفەرت پێببات و بتڕوخێنێ"؟. کاکە خەسرەو هاتە قسەو گووتی"ئێوە پێتان وایە من هەستی غەریبی ماڵ و منالّ وایلێکردوم کە بگریێم؟ ئێوە نازانن لەبەرچی دەگریم؟ من لەبەر ئەوە دەگریم، ئێوە

نازانن ئەو مەلایە لە میکرۆفۆنی مزگەوتەکەی نزیکمانەوە، چەند بەغەریبی گووتی: ئەلویداع، ئەلویداع یا شەهر ڕەمەزان ئەلویداع". یەکسەر من و مامۆستا جەمال پێکەنین و مامۆستا گووتی" جا توخوا ئەوە گریانی دەوێت، ئەوە ڕەمەزان بەخێر هات و بەخێر ڕۆیشت، هەق وایە دڵت خۆشبێت بۆ ئەوە، نەک بگریت و دڵی خۆشت و دڵی ئێمەش تووند بکەیت". منیش هەلمدایێ و گووتم" برا، هەق وایە مەمنون بیت کە ڕەمەزان ڕۆیشت، با دوعای ئەوە بکەین جارێکی تر بۆمان نەگەڕێتەوە". هەر سێکمان دەستمان بە پێکەنین کردو گریان و پێکەنینی کاکە خەسرەو تێکەل بەیەکبوون و بە منی گووت" تۆ قسە مەکە هەی کافر، تۆ کافری". بە قسەی خۆش و گاڵتەکردن ئەو شەوەشمان بەسەربرد. بەڵام هاوڕێ گیان ئەوە بۆ دوو مانگ و نیو دەچێت، تیرۆریستان و مێشک ژەنگ گرتوەکانی قاعیدە و شەمشەمەکوێرەکانی سەر بە قەندەهار لە جەژنی قورباندا خوێنی تۆو زیاتر لە 100 ڕۆشنبیر و پێشمەرگەو دڵسۆزانی کوردستانیان ڕشت لە پێناوی ئەوەی کە ڕەوڕەوەی بەرەو پێشچووی مێژوو بۆ 1500 ساڵ بەر لە ئێستا بگەڕێننەوە دواوە. بۆیە لەیادی 18 ساڵەی یەکترناسینمان، سەرەتا سەری ڕێزو نەوازش بۆ تۆی شەهیدو گشت شەهیدانی 1ی شوباتی هەولێر دادەنوێنم و دەلێم" خۆزگە هاوڕێ لە جەژنا هەر فرمێسکت دەڕژا نەک خوێنی ئاڵ و گەشت".

مرۆڤ لە زیندانی بەعسا کاتی زۆرەو کات بەشی هەموو شتێک دەکات، چونکە نە پەرتووک، ڕۆژنامە، تەلەفزیۆن، ڕادیۆ یان ئامێری وەرزش کردن بوونی نییە. ئێمەش کاتەکە بەشی نووستن و گفتوگۆی سیاسی و خۆڕۆشنبیرکردن و گاڵتەو گەپی دەکردین و نەمان دەزانی کاتەکە بەچی بکوژین، بۆیە ماوەیەک کاتی بۆشمان بە کەرەمستانی (کڵاو کڵاوێن) دەبردە سەر. من و مامۆستا جەمال پێشەکی لەسەر ئەوە پێکهاتبووین، هەردەم کاک خەسرەو بدۆڕێت، گەر من و مامۆستا لایەک بووینایە، ئەوە کاک خەسرەو هەر دۆڕابوو، خۆ گەر هەر یەکێک لە من و مامۆستا بیوایە لای ئەو، ئەوە بە ئیشارەو بە ئەنقەست وامان دەکرد بدۆڕێین، بۆ ئەوەی تەنیا کاک خەسرەو دۆڕاو دەربچێت و دژەکەی کاک خەسرەو کە من یان کاک جەمال بوو بیباتەوە. ماوەی ئەو چەند مانگە نەمانهێشت کاک خەسرەو تەنیا بۆ جارێکیش یاریەکە بباتەوە. ئەویش قەت بیری لەوە نەدەکردەوە، کە بۆچی گەر بە تەنیا بێت، لەگەڵ من بێت یان لەگەڵ کاک جەمال، ئەو بەشی هەر دۆڕانە. ئێمەش نهێنی ئەو مەسەلەیەمان هەر پێنەگووت تا دوای ئازادکردنی من و کاکە خەسرەو دوای لێبووردنەکەی 6. 9. 1988. من بە 10 ساڵ و کاک خەسرەویش بە 25 ساڵ حوکم بووین. مامۆستا جەمالیش دوای 11 مانگ لە هەولێر بەربوو، چونکە هەم ئیعترافی نەبوو هەم شایەتەکە پەشیمان بووەوە لەسەر کاک جەمال. من لێرەدا زیاتر مەبەستم یادکردنەوەی شەهیدی هەمیشە زیندوو کاکە خەسرەوە، ئەگینا زمان لە ئاست قارەمانێتی، وورە بەرزی، خۆڕاگری و لەخۆبوردوویی کاک جەمال لاڵەو قەڵەم شەرمەزارە. هەر من دەزانم چۆن ئازارو ئەشکەنجەیەکی ئەویاندا، چونکە بەبەر چاوی منەوە لێیان دەدا. ئێستاش بریندارەو قاچی شکاوە لە پەلامارەکەی 1ی شوبات بۆ سەر مەڵبەند.

هاوینی 2002 لە سەردانی کوردستانمدا شەو گەیشتمە ماڵی کاک جەمال لە کۆیە و کاتژمێر 12ی شەو تەلەفۆنمان بۆ کاکە خەسرەو کردو دوای نیو کاتژمێر گەیشتە لامان و دەستمان بە قسەی خۆش و گاڵتەی جاران و گێڕانەوەی یادگارییەکانی زیندان کرد، نزیکەی 2 کاتژمێر بەیەکەوە بووین. دوای ڕۆیشتنی کاک خەسرەو بە کاک جەمالم گووت" هەست دەکەم کاک خەسرەو زۆر پێشکەوتووەو بە تەواوی خۆی پێگەیاندوەو ئاستی ڕۆشنبیری زۆر بەرەو پێشەوە چووە" نازانم بۆ داوام کرد کە کاک جەمال ئەو قسەیەی بۆ باس نەکات. کاک جەمال باسی ئەوەی بۆ کردم

که کاک خەسرەو خەریکی کاری ڕۆژنامەوانیە وزۆر جار ووتار دەنووسێت. منیش زۆر کەیفم هات کە بیستم ئەو خەریکی کاری ڕۆژنامەوانیە. بەڵام کاک جەمال هەر دوای هەفتەیەک پێمی گووت کە کاک خەسرەو سوپاسی منی کردوە بۆ ئەو سەرنجەی لەسەر ئەو لای کاک جەمال باسم کردبوو. دواتر لەگەڵ کاک خەسرەو دووبارە لە ماڵی کاک جەمال یەکترمان بینیەوەو ڕاستەوخۆ سوپاسی کردم.

لە سەردانی هاوینی 2003 مدا بۆ کوردستان ڕۆژێک لە مەڵبەندی 3 بووم و کاکە خەسرەوم بینی و بە یەکەوە چووینە ژوورەکەی ئەوو لەگەڵ کاک نەقیب حەمید بە یەکتری ناساندین و باسی ئەوەی بۆ نەقیب کرد کە ئێمە هاوڕێی زیندانین. نەقیب حەمید مرۆڤێکی ڕێک و قسە خۆش و حەزی زۆر بە گاڵتەکردن دێت. هەر زوو بە منی گووت" دە باشە مادام هاوڕێی زیندانی کاک خەسرەوی، توخوا هەندێک نهێنی ئەومان بۆ باس بکە". منیش گووتم" بەسەر چاوان، جا کێ بەقەد کاک خەسرەو نهێنی هەیە! هەر ئێستا هەمووت بۆ باس دەکەم". کاک خەسرەو دەستی کردە پێکەنینە خۆشەکەی و دەیگووت" کاک دەرسیم، ئەوها زوو قسەم لەسەر دەکەیت؟ کورە شەرمە باسی هیچی بۆ نەکەی". لەگەڵ کاک حەمیددا بۆ گاڵتە زۆرمان بۆی دەهێنا، ئەویش بەردەوام پێدەکەنی و بە ئیشارەت دەیگووت"نەکەی".

بەڵام هەزار حەیف و موخابن، ئەوە ئەمڕۆ ئەو نهێنی و یادگارییانە دەخەمە سەر لاپەڕەی ڕۆژنامەو لەوانەیە کاک نەقیب و هەزارەها دۆست و هاوڕێ و خزم و هاووڵاتی بیخوێننەوە. بەڵام خۆزگەو هەزار خۆزگە هیچ کەسێک بەو نرخە نەگەیشتبایە نهێنی و یادگاریە هاوبەشەکانمان. یادت بەخێر ئەی شەهیدی زیندوو، بەهیوای ئەوەی هەموو ئاواتە نیشتمانیەکانت لەسەر دەستی حکومەتی هەرێم بێنەدی، ئاواتەکانت کە لە فیدرالی وەکو هەنگاوی یەکەم و سەربەخۆیی کوردستانەکەت وەکو ئامانجی دوور خۆی دەبینێتەوە. گومانیشم لەوەدا نیە کە حکومەتی هەرێم ئالاهەڵگری ئاواتی شەهیدانە.

<u>ڕوونکردنەوەکان:</u>

1. عەمووداوە: شوێنی ئازارو ئەشکەنجەدانی گیراوە سیاسیەکان بوو، پڕی بوو لە ئامێری ئەشکەنجەدان بۆ نموونە (فەلاقە، ئامێری کارەبای تایبەت بە ئەشکەنجەدان، کێبڵ، سۆندە، دار، چەندین ئاسن و بۆڕی بە ئەلقەو قولابدارو دامەزراو لە شێوەی دوکانی گۆشت فرۆشەکان کە بۆ مەبەستی هەڵواسینی زیندانیەکان بەکار داهێندرا، پەڕۆی جیا جیا، جەمەدانی و پشتێن بۆ دەست و چاو بەستنەوە، شەمچە و چەرخ بۆ داخکردن وسووتاندنی ڕیش و سمێلی زیندانیەکان) . لەو ماوەیەی کە زیندانیەکان لە عەموداوەن خواردن زۆر کەمە و بردنە ئاودەست هەر نیە.

2. برادەرانی ڕێکخراو: بریتیبوون لە 1. شەهید محەمەد قادر نادر لێپسراوی ڕێکخراوی هەولێری کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان بوو، لە 18. 2. 1986 گیراو لە 9. 2. 987 فەرمانی لە سێدارەدانی لە لایەن دادگای بەناو شۆڕش لە بەغدا دراو دوای چەند مانگێک لە سێدارەدرا. 2. شەهید مامۆستا سلێمان عەبدوڵلا لە شەوی 24. 2. 1986 گیراو لە 1. 3. 1986 لەژێر ئازارو ئەشکەنجەدا لە ئەمنی هەولێر گیانی پیرۆزی بە کوردو کوردستان بەخشی. 3. شەهید بایز مەولود تەها لە 24. 2. 1986 گیراو لە 9. 2. 87 بە 20 ساڵ حوکم بوو، لە ڕاپەڕین بەسەختی بریندار بوو، دواتر لە 1992 لە هەولێر تیرۆرکرا. 4. غەفور دەروێش پیرداود 5. ئازاد سەعید مەولود 6. عیماد شاکر ڕەشید 7. سەردار محەمەد ڕەجەب 8. خدر عەبدولڕەحمان محەمەد 9. عەبدولسەمەد خدر عەبدوڵلا

www.kurdistannet.org

10. جەمیل مەجید سادق 11. نەسرەدین مامە کەریم 12. سامی مەحمود محەمەد 13. موحسین ئیبراهیم حەسەن.

3. شەهید خەسرەو عوسمان: ئەندامی یەکیەتی نیشتیمانی کوردستان بوو، دانیشتووی هەولێر- کورانی عەنکاوە بوو، لە مانگی 2. 86 لە لایەن ئەمنی هەولێر گیرابوو و لە سەرەتای ساڵی 1987 بە 25 ساڵ حوکمدرا. ئەندامی مەڵبەندی 3ی هەولێری ی. ن. ک بوو، لەو هێرشە تیرۆریستیەی کە لە 1ی شوباتی 2004 دا کرایە سەر مەڵبەند لەگەڵ 44 هەڤاڵی تردا شەهید کران.

4. ئەبو عەباس: ئەمنێکی جەڵلاد بوو، کلیلی ژوورەکانی زیندانیەکانی لابوو و خواردنی بۆ زیندانیەکان دەهێنا. کاری دوو سەرەی دەکرد، هەم بۆ بەعس هەم بۆ ئێمەی زیندانی، کابرایەکی زۆر پارەپەرست و چاوبرسی بوو. هەواڵ و نامەی ئێمەی بۆ خزم و کەسمان دەبردو دەرمانی بۆ دەکڕین و پارەی لە ماڵەوە بۆ دەهێناین، بەڵام گەر 100 دیناری بهێنایە 10-20 دیناری دەداو ئەوی تری بۆ خۆی دەگێڕاوە. دەرمان گەر بە 1-2 دینار بوایە ئێمە دەبوایە 50 دینارێکی بدەینێ. بەڵام سوودی زۆری هەبوو بۆ ئێمەی زیندانی و ژیانی چەندین کەس بەهۆی ئەوەوە ڕزگار بوو، دوای ئەوەی کە دەچووە ماڵی زیندانیەکان و پێی دەگووتن کە کوڕەکەیان لەسەر چی گیراوەو پێویستیشی بە واستە هەیە.

5. فاشیزم: نامیلکەیەکی کاک ئەرسەلان بایز بوو، لە بڵاوکراوەکانی ی. ن. ک بوو ساڵی 1985 دوای تێکچوونی گفتووگۆ. ئەو نامیلکەیە لە ماڵی شەهید خەسرەو گیرابوو، شەهید خەسرەو بە جەڵلادەکانی دەگووت کە لەبن قەڵاتێی کڕیوە لە 1984 لە کاتی گفتووگۆی 1983-1984. هەر چەندە ساڵی چاپکردنی نووسرابوو 1985، بەڵام شەهید هەر سووربوو لەسەر ئەوەی کە لە 1984 کڕیویەتی.

دەرسیم دیبەگەیی (دەرسیم ڕەحمان فەرحان)
6. 4. 2004 سێشەممە – دانیمارک
peshewa@stofanet. dk
darsim88@hotmail. com